# ناسیح غفور قوربانی سیاسەتی دژی پەنابەری دەولەتی بەریتانیایە

ئەمرۆ 38 رۆژە بەسەر مانگرتنی پەنابەری کوردی عیراقی (ناسیح غفور )تێ دەپەرێ کە بەرئەنجامی وەرگرتنی وەلامی رەفزو وهەرەشەی گەرانەوە لە ژوورەکەی دا دەمی خۆی دەدۆریتە،لەژیر باری ئازارو تەندروستی نائارامدا قەراری گرتووە.
ئەمە یەکەمین جار و دوا جاری کارەساتێك نی یە کەبەهۆی بەرتەسکردنەوەی ماف پەنابەری وداوای پەنابەریتی لەلایەن دەولەتی بەریتانیا وە رووبەرووی پەنابەران دەبیتەوە ، رۆژ نیە دەیان پەنابەر وەلامی رەفزو ولیسندنەوەی خزمەت گوزاریەکان و خانوویەرو وماف کارکردن ،بریني سوسیال ،مەترسی گەرانەوە رووبەروویان نەبیتەوە.
پەنابەرانی عیراقی لە لیستی ئەو پەنابەرانەن کە بەدوای رووخانی رژیمی سەدامەوە خیرا خیرا لە دادگاو چاوپێکەوتنەکانیاندا وەلامی رەفز وەرئەگرن ،بەادعای (ئامن بوونی عیراق وکوردستان) وە(ئازادی بوونی عیراق)،ئەمە لەکاتیکدا نەك هەر هیچ سیمایەکی مەدەنی بۆ خەلکی عیراق پاریزراو نی یە ،بەلکو سەرتاپای عیراق لەگەل ئیرهاب و تەقاندنەوەو و هەرەشەی شەری قەومی تایفەگەری ومەزهەبی دا دەرگیر نەکاتەوە ،زیاتر لەمانەش ئەمرۆ حکومەتی کاتی بەهاوکاری ئەمریکاو بەریتانیا لەکیش مەکێشی خۆیان و دەستەو تاقمە تیرۆریستەکاندا کەوتوونەتە گیانی خەلکی بێ تاوانی عیراق و بەدەیان کەس خەلتانی خۆین کراوەو لاش وجەستەیان لەکۆچەو کۆلانەکانی شارەکاندا کەوتووەو بەدەیانی تر ئاوارەو بێ دەرەتان بوون ، خەلکی کوردستانیش بەدور نیین لەو سیاسەتە کەلەچوارچیوەی حکومەتی کاتی ئیستادا بەدەرەجە دوو راگیراون و خزینراونەتە نیو حکومەتیکی ئیسلامی قەومی عەرەبی کەهیچ زەمانەتیك نی یە بۆ دووبارە نەبوونەوەی تراجیدیاکانی پێشوتر ، لەسایەی ئەو بارو دۆخەدا هیچ مانایەکیان بۆ ئازادی وئەمنیت نەهیشتۆتەوە ،دەولەتی بەریتانیاو ئەمریکا کە خۆیان سەرچاوەی ئەو تاوانانەن دەرهەق بەخەلکی عیراق ، کەچی ئامادەنیین لەدەرەوە ماف پەنابەری بۆ پەنابەرانی عیراقی وکورد بەرەسمی بناسینن.

## پەنابەران خەلکی ئازادی خواز:

ئێمە سەرباری پشتیوانی لە بەرەسمیت ناسینی ماف پەنابەری بۆ (ناسیح غەفور) ،داوا کارین بەهەل بژاردنی رێگای خەباتی پێکەوەی ، هەر ریگایەك مەترسی وئازاردان کەسەلامەتی دەخاتە مەترسی یەوە خۆمان بەدور بگرین ،ئێمە لەم رێگایەدا تەنها نیین ،نارەزایەتی و خەباتی شارستانیانەو وە دەستەجەمعی بۆ بەرگرتن بەم سیاسەتە رێگای ئێمەیە، لەپال هیزی پیشکەوتووخوازو خەلکی ئازادی خوازی بەریتانیاو رێکخراوە انسانی و پەنابەریەکان کەلەسەنگەری ئێمەدان .
فدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا بەو پەری توانەوە لەپال وخواستە بەرهەق وانسانی یەکانی ئێوەدا راوەستاوە ،وەرن ریزەکانی پتەوە بکەن دەنگی نارەزایەتی ناسیح ودەیان ناسیحی تر بگەیەنینە بەگوی سەرانی ئەم دەولەتە ئەمە ریگایەك بۆ داسەپاندنی ماف پەنابەریتی و وەستانەوە بەرامبەر بەسیاسەتی گەرانەوە.
سەرکەوی خەباتی پەنابەران

فدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا

**2004-8-15**

POBOX1575,ILFORD,IG1 3BZ,LONDON TEL:07866757213